# وون بوونی بەرائەتێک

سارا عومەر ، دانمارک
6ی 2006
xozga86@hotmail.com

لە فەرامۆشی پەیڤەکانم بۆ نارِوانی ؛؛
وا خەریکە  زنجیرە ووشەیەک
لە حەژمەت پەستیما
خەرامان خەرامان  رِێکئەکەون و
وەک ئاوازە ئەرمەنییەکانی پێش زەلیلبونی بەرائەت
بە پێش چاوی ئەزەلەوە
رِێم ون ئەکەن و رِەنگ پەرِیوانە
ئارِاستەی هەنگاوەکانم ئەشێوێنن !
بە ئەندازەی لاولاوێکی ووشکەوە بوو
بانیژەی لێوە ئاڵەکانمیان تۆراندووە و
بە گەردنی پرِ ملوانکەمەوە هەڵواسراون
لە ناکاوا سوژنی پیتەکان بە گەروی مەحروومما رِۆئەبەن
وەختە لە بەغیلیا بمخنکێنن
لەم شەوەزەنگەدا
هێندەی نەماوە بلیتی بزێوی نیشتنەوەم پێئەکرِن و
لە فرِینی ئاسمانی ئولفەت ئەمرِەنجێنن

من تێناگەم...
بۆ تا ئێستاش لە کۆتای چرکە ژمێرەکەمدا
بۆ کۆکردنەوەی پارچە کریستاڵی خەونەکانم گۆزە گۆزەˈ ئەکەم!
ئەڵێم بەڵکو بە هی خۆم نیە هی پیرۆزە بیخڵەتێنم و
گەر هیچ نەبێت
بۆ تەنها ساتێک ئاوێتەی هەستی کیژۆڵە شاعیرێکی کەم!
ئەو پەیڤانە موئامەرِەی گەورە بون بە مناڵێ و
مناڵێ بوون بە گەورەیم پێ ئەکەن!
من لەگەڵ گوژمی هەر ووشەیەکدا
دەبمە قەترەیەک( ئاو) و
لەگەڵ ناخی هەستەکانما
تک تک
ئەرِژێمە ناو درۆکانی زەوی !
ئەوان بە بەردەوامی کێوێکن لە سەهۆڵ!

تۆ نازانی...
تابلۆکانم لەناو دییەی سەوزە گیای ناچاریدا ئەنەخشێنم و
بەدیار پێلوی چاوەکانی قەدەرەوە
وەک سوێسکەیەکی سەرلێشێواو هەڵئەلەرزێم؛؛
دڵم هێندەی مشتێکەو وەختە
لە دڵسافی خۆما
لە بەلەکۆنی خەونە کەساسەکانمەوە
بە یەکجاری خۆم فڕی دەم!
من لە خەونێکما بە بینینی مردنی خۆم دڵم لەرزی
لە هێمنی سیمای جەستەم
هانام بردە بەر نوسین و
لە ناکاوا پەیڤەکانم جارێکی دی دەستیان گرتم!

من تێناگەم...
چ یادەوەختێکی ڕەشبینانە
لە ئامێزی بینینما پچر پچڕ ئەکات !
چەند وردیلانە
بە کۆمەڵێک سۆزەوە
لە تابلۆی ئەم دەمە وشک بووەمەوە
لە تیرەی بینایی چاوە وادار کراوەکانی ئەزەلمەوە
بۆت ئەدوێم و پێت ئەڵێم :
هێندە خۆم بە زوڵم لیکراو ئەزانم
لە ئاکاما
ئەبمە نێچیر لە ئاستی ڕاوچییەکی دۆڕاودا و
بێ باوکانە یاریم پێ ئەکا !
لەگەڵ وردبونەوەی لە ڕۆشنای چاوەکانم
توند توند
پەنجە ناعارەکانی
وەک گوێزانێک
تیژتر لە
لێواری لاپەڕەیەک
لە گەرمی دێڕەکانم ئەچەقێنێت و
سەرپشکانە بەبێ شەرم
تورم ئەدا و
لەگەڵ تارمایی ئاسماندا
نووری بینینی هەورەکانم لێ لێڵ ئەکا
چیدی بەرائەتیان پێ نابینم !

لێم تێئەگەیت ؛

وا ووشەکانیشم
تەنگیان پێ هەڵچنیوم و
وەختە بیرەوەریەکانی مناڵێش
دەستم ئەگرن بەرەو بەردەرگای  یادەوەریە بێ نازەکانم
هەر لەوێشەوە
بەرەو تابوتی مەرگی شیعر ڕاپێچم ئەکەن
زۆر ئەترسم ....
ئەترسم لە بینینی ئەو ئەشکەوتە قوڵەی ماڵی سێهەمم و
بیرەوەری ماڵی یەکەمی سکی دایکم و
دواتریش
ماڵی دوهەمی دۆزەخی پشکۆ بارانی پێش مردنم!
من....
لەگەڵ هەمو چاو تروکاندنێکم
خۆفی
 خاچو پاچەکەی دەستی تەنیایم ئەکەم
من بەزەیم بە
 بۆنی پیتەکانما یەت
کە جارێ لە دایک نەبون و
گغە و بڤەی بیرچونەوەی ژوانم فێر ئەکەن
کە جارێ زمانیان پاک نەبۆتەوە
باسی  زوڵمو نامۆ بونم بۆ ئەکەن
کە  هێشتا فێری گاڵگۆڵکێ نەبون و
هێندە قەپاڵەکانیان زلە
چاوە برسیەکانیان بە زەویدا تێدەپەڕێ و
لە ئامانجا دەیانەوێت
بەسەر داری خەونەکانما هەڵزنێن !
ئەو پەیڤانە خوازیاریانە
بەدەم هەرەس هێنانی تەمەنمەوە
کاڵەکی خۆزگەکانم
بە شەمامەیی بچننەوە و
بە تاڵێ ڕەفتارەکانی زەمەنەوەو
بە فرمێسکی بەرپەنجەرەی
هەنسکە بێدەنگەکانمەوە
بەدەم  هەڕەشەکردن لە هاتنی بەیان و
وەرزە نامۆکەی ئەمشەومەوە
لێم ئەخوازن ماڵئاوای بکەم!

لە قینی من
تێر تێر
ئەبنە کرم و
سێوە مزرەی ووشەکانم لێ ئەفڕێنن و
کرمێی ئەکەن وەک ناخی خۆیان!
خۆیان لێکردوم بە ڕۆحیانەتێکی سامناک و
بە خۆیان و، گوریسێک لە ڕستەی شڕۆلەی جەنگەوە بۆ لێیانم
بەرەو ڕوم یەن!
بەدەم گاڵتە پێکردنمەوە
لاسایم ئەکەنەوە و
مەجنون ئاسا
لە قەفەزی ئاسمانێنکی دورە عەشقم ئەنێن
چونکە لای ئەوان خۆشەویستی گوشینی دڵە و
نیشتنەوەی بووکە سورەیەک جوانترین پێناسەیە بۆ ژیان!
لای ئەوان دەبێت هەنار بەترشی بخورێت و
بەرخ بەمناڵی سەرببڕێت!
دەبێت چوارچێوەی ژوورە هەست خۆرەکانیش
ناسکترین باخچە بێت بۆ گوڵ چنینەو
بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پەپولەش
تەق تەق
دەبێت لە پەنجەرە قوفڵ کراوەکان بدەن
تا پەپولەکان خەبەریان بێتەوە و
لە تابوتی زوڵمەکانی ئەواندا
ڕابچڵەکێن !
لێم تێئەگەیت ناسکترین خەونی سارا ؛

من گشت شەوانێک...
لە ناڵە ناڵی خۆزگە بێدایکەکانم ئەڕوانم
زوخاوی تەنیایم لە بادە ئەنێم و
لە باتی شەرابی چاوە ترێکانت هەڵی ئەقوڕێنم !
وا هەست ئەکەم، تەنیا پێتەکان دەستگری شاوانم بون
بەڵام ئەفسوس
ئەوان هەر بە مناڵی گەورەبون و
هەر بە مناڵیش فێری یەکەم ناردنی فاتیحابون
هەر بەمناڵی خستمیانە کاژاوەی شیعرەوە و
هەر بە مناڵیش لێم ئەسەننەوە !
ئەوان هێندە سەیرن
ئەڵێن

یان خۆت تەسلیم کە بە زیندانی ژورەکەت
یان داوە لە ژورەکەت بکە واز لە پەنجەرە سیحراویەکانی فیردەوست بێنێ و
سەری ووشەکانتی لە پێناوە بۆ لە خاچ بە !
یان لە پەیژەی منالێت وەرە خوارەوە و
هاوشانی ئێمە ڕاوە گوڵ بکە
با چیتر جوانی نەمێنێ و
گوڵێش شانازی بە بۆنی خۆیەوە نەکات!
ئۆف خوایە گیان
دڵنیایی ئەوان وا شێتم ئەکات
ئەوان من هەلا هەلا ئەکەن و
بە خۆم و هەنگاوە بچوکەکانمەوە
زوو زوو گەورەم ئەکەن و
ئومێد ئەکەن پێیان بڵێم
بۆنی هاتنی گەردەلوول خۆشترە لە گوڵ
تابلۆی زیندان سەفینترە لە خەونی شەوان !
بونی  ئەوان لە هەڵوەرینی خۆزگە زیندووەکان ناسکترە !
ئێستا تێئەگەیت لێم چەند بێزارم ؛؛؛؛؛؛؛؛!!!!

<u>**تێبینی:**</u>

( گۆزە گۆزە)، ئەم چەند ووشەیە لە بەیتێکی منداڵیمەوە وەرم گرتوە و تا ئێستاش هەر لە خەیاڵمە! کاتێک کە منداڵ بووین گەر بهاتایەو شتێکمان بزر بکردایە هێواش هێواش بۆی ئەگەڕاین و ئەم چەند دێڕەمان بۆ ئەوت :
گۆزە گۆزە بۆم بدۆزە هی خۆم نییە هی پیرۆزە....